عەبدوڵڵا سەمەدی

# شاری یەكماڵی

تكات لێدەكەم، لەم گێژاوە دەرمبێنە! لام دانیشە، بە وردی بمدوێنە. بەسەرهاتی خۆتم بۆ وەگێڕە. تۆ نەسرینی خوشكمی؟! ئەو گیژۆڵەی لە گەڵتە، ئایا تەواری كچمە؟! ئاخر چەند شەو لەمەوبەر لای خوشكم بووم، و چەند سات لەمەو پێشیش كچەكەمم دواندووە. زۆر نییە چاوم پێیان كەوتووە. ئێستا بۆ نایانناسمەوە؟! چ لەیەك دەچن ئێوە!! هەرچەند لە ئاگری گوماندا دەسووتێم، بەڵام بێگومانم كە نەخۆشییەك، تاسەیەك یا گرفتێك لە مندایە؛ چونكە ساتێك لەمەوبەر، كە بە شەقامدا دەهاتم، بە سەرسوڕمانەوە یەك یەك و دوو دوو، پۆل پۆل و تاك تاك، هەر تەوار بوون و نەسرین كە لە دوورەوە دەهاتن و بە تەنیشتمدا دەبوورین. یەكەمجار، وەخت بوو پێشیان بگرم، بیاندوێنم!. بەڵام چەند كەسی دی كە ڕابردن، من تاسام و كاسییەكم بەسەرداهات. نەمدەزانی كامیان بانگكەم! لە تەك كێهەیان باخێوم؟!

ملی ڕێم گرت. جارجار دەستم بە سەر و چاو و ڕوومەتم دادێنا و خۆم تاقی دەكردەوە، كە ئایا لەناو جێدام و خەون دەبینم، یا لە شەقامم و وەخەبەرم؟! خەون نەبوو، وەخەبەر بووم. چەند جارم خۆ ئەزموو. ئێستاش لەگەڵ تۆ ڕووبەڕووم. دیسان تۆ نەسرینی، ئەو كیژۆڵەیەش كچمە. دڵنیام چەشنە شێتییەك بەربینگی پێگرتووم. ئەم ماڵانە چ وە ماڵی خۆمان دەچن! ژیانمان چ لە یەك نزیكە! غەم و شادییەكانمان چ وێك دەچن! غەمەكان وەك غەمی خۆم چ خەستن و شادییەكان وەك شادیی خۆم چ بێڕەنگ و ڕووكەشن!! پێكەنینەكان وەك هەتاوی بەیانیانی زستان چ سارد و بێهێزن، و گریانەكان چ مەند و قووڵ و بێبنن!!

*دڵنیام ئەم شارە، چۆلگەی دۆڵێكی یەكماڵییە، كە هەر چوار دەوری بە ئاوێنەشكاو تەنراوە.*